## ژین

رۆژنامە

1939



**رۆژنامەیەکی کوردی و ئەدەبیو کۆمەڵیە**

**(سەردەمی پیرەمێرد)**

**رۆژنامەیـــەکی رۆژانەیـــە هەفتـــەی دوو جـــار دەرئەچیَ (لە سەرەتای شەستەکان)**

**خاوەنـــدو مـــدیر مـــسئول:** حـــاجی تۆفیـــق (**پیرەمێرد**) ژ (554–1015).

**خـــاوەنی:** وەرەثـــەی پیرەمێـــرد، هەنـــدیَ جـــار نووسراوە نەوەی پیرەمێرد (دیارە رەحمە خانی کچی پیرەمێرد بووە)، ژ(1016–1714).

**مدیر مسئول:** محامی نوری ئەمین مەحمود، ژ (1016–1714).

**مـــدیر ئیـــدارەو نووســـین:** جـــەمیل صـــائب، ژ (1016–1070).

**مـــدیری مـــسئول و ئیـــدارەو نووســـین:** (محـــامی ئەمین مەحمود)، ژ(1072–1105).

**مدیری مسئول:** محامی نوری ئەمین، ژ(1106–1252).

**مـــدیری ئیـــدارەو نووســـین:** گـــۆران، ژ (1124–1252).

**بەڕێوەبەرو سەرپەشتی نووسین:** ئەحمەد زرنگ ژ (1253–1714).

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (30×43) سم و (4–8) لاپەڕە، قەبارەی هەندیَ لە ژمارەکانی گەورەتر بووە.

**جێگا:** سلێمانی

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

ژمـــارە 554 ی، کـــە دەکاتـــە یەکـــەم ژمـــارەی رۆژنامەکە بە نـاوی "ژیـن"ەوە، لـە 26 کانوونی دووەم 1939دا دەرچووە:

ژمارە 1015ی

ژمـــارە 1714(دوا ژمـــارە)ی لـــە 7ی شـــوباتی 1963دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

وەك دەبیـنن ژیـن لـە ژمـارە(554)دەسـت بـە بڵاوکردنـــەوەی کـــراوە، دیـــارە ئـــەوەش لەبـــەر ڕاگرتن و هەڵوەشانەوەی ئیمتیازی (**ژیان**) بووە، ئـــەوەبوو پیرەمێـــرد ئیمتیـــازی رۆژنامەیـــەکی بـەناوی(**ژیـن**) وەرگرتـەوە، هـەر بـە بـەردەوامی (**ژیـان**)ـەکەی پێشوو دانایـەوە، دیـارە هـەر ئـەو خاڵەشە وای کـردووە هەنـدیَ لـە نووسـەران، کـە جاروبار باسی پیرەمێرد دەکەن، لە ژمارەکـانی هەوەڵەوە بە سەرنووسەری(**ژیان**) دادەنێن، دیارە ئەو بۆ چوونەش ڕاست نییە.

یان ئەوەتا (**پیرەمێرد**)یش، لە دژی ناحەزانی بووە، (**ژین**)ەکەی بە بەردەوامی (**ژیان**)ی داناوە، بـــۆ ئـــەوەی پێیـــان بڵـــیَ فـــەرموون ئـــەوا

ئیمتیازی(**ژیان**)تان لێ سەندمەوە وا من(**ژین**)یشم دەرکرد.

- لە سەر رووی هیچ کام لە ژمارەکانی(**ژین**)، ناوی چاپخانەکە نەنووسراوە، دیارە ئەمیش چاپخانەی (**ژین**) بووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە هەندێ لە ژمارەکانی کۆتایی پەنجاکان پڕوپاگندەی بۆ ئەم چاپخانەیە کردووە.

-(**ژین**) هەر لە هەوەڵەوە نمرەی تەلەفۆنی ژمارە (1)بووە.

- ئابوونەو نرخیش بەپێی ئەو تەمەنە درێژەی لەگۆڕاندا بووە.

بۆ نموونە: ژمارە 829ی سەردەمی پیرەمێرد بە (10) فلس بووە، ئابونەی ساڵانەش بۆ ناو شار دینارێك بووەو بۆ دەرەوەش دوای ئەوەی پوولی پۆستەی چۆتە سەر، بە دینارێك و دووسەدوو پەنجا فلس بووە.

ریکلامیش بۆ لاپەڕەی دوایی گرێی بە 150فلس بووە.

کەچی ژمارە 1341ی، کە لە 1957/4/18دەرچووە، ئابونەی بۆ ناو سلێمانی: 650 فلس بووە

بۆ ناو عێراق: 750 فلس بووە، بۆ دەرەوەی عێراق: (1) دینار بووە.

## هیوا

**بڵاوکراوە**

1941

**حزبی هیوا دەریکردووە. دەسخەت بووە.**

**سەرچاوە:** نوری شاوەیس, پێشەنگ (گۆڤار)، ژمارە 3, ل10 .

## بڵێسە

**بڵاوکراوە**

1941

بڵاوکراوەیەکی دەستنووس بووە, لەلایەن دەستەیەك لە ئەندامانی حزبی هیوا, بۆ ریسواکردنی دزو پیاو خراپانی دام و دەزگاکانی میری لە کوردستان دەریان کردووە.

**سەرچاوە:** نامەی ئیمێلی رۆژی ؟/ ؟/ 2003 ی جوتیار توفیق لە سوید. لەزاری ئیبراهیم رەمەزانەوە وەریگرتووە.

## بڵاوکراوەی ناوبەناو

**بلاوکراوە**

1942

**بڵاوکراوەیەکی ناوبەناوی پڕوپاگندەیە**

**خاوەنی:** پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا/ بەغدا.

**پێوانە:** (8٫57 × 11) ئینج، هەر 32 ژمارەکەی 90 لاپەڕەیە.

**جێگا:** بەغداد

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە1، نیسانی 1942.

-ژمارە 32، ئابی 1942.

**سەرچاوە:**

بیبلیۆگرافیای چاپکراوی کوردیی باشوور، نووسینی سی. جەی. ئەدمۆندز، لە ئینگلیزییەوە وەرگێرانی سەلمان عەلی، 1920–1936،گۆڤاری پەیڤین، ژمارە 15،مارتی 2004، ل135.

## دەنگی میللەت

**بڵاوکراوە**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی میللەت بووە, لە هەولێر دەرچووە.

**سەرچاوە:**

– ساڵح حەیدەری, الاتحاد (رۆژنامە), ژمارە 9, 26ی کانوونی یەکیی 1992. ل(5).

– عەزیز محەمەد, وتووێژ لەگەڵ عەزیز محەمەد, مامۆستای کورد (گۆڤار)، ژمارە 4-5 ی 1978, سوید.

**ڕوناهی**
**گۆڤار**
1942




## Supplement Illustre De La Revue kurde Hawar

**خاوەن:** میر جەلادەت بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** 703 وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**نرخ:** 5ر1 لیرە، بۆ ناو سوریا، 2 لیرە، بۆ دەرەوەی سوریا.

**پێوانە:** 20×28سم و (13-28)لاپەڕە.

سەرجەمی هەموو ژمارەکانی 583 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** سەبات (ژ 1-12)، تەرەقی ژ (13-28).

**جێگا:** (شام-دیمەشق) سوریا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** (28) ژمارەی لێ دەرچووە.

– ژمارە 1، نیسانی 1942.

– ژمارە(28)ی لە مارتی 1945.

**تێبینی:**

* کاتی خۆی ژمارە ئۆریژناڵەکانی لای خوالێخۆشبوو (**دیار محەمەد سەعید دۆسکی**) هەبوو.

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: – ڕوناهی، چاپخانەی ژینا نوو، زنجیرە3، ستۆکهۆڵم، تەمموزی 1985.

– ڕوناهی، **کۆبەندا کاوە بۆ چاندا کوردی**، زنجیرەی (64)، هەولێر، 2001.

## بڵاوکراوەی هەفتەیی دەنگ و باس

**بڵاوکراوە**
1942

**خاوەن:** مدیریەتی عەلاقاتی گشتی سەفارەتی بەریتانیا/بەغدا.

**پێوانە:** (8×13) ئینج.

-ژ ( 1-14) 166 لاپەڕەیە.

– ژ (15-31)، 210 لاپەڕەیە.

**جێگا:** بەغداد

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خوارو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (31) ژمارەی لێ دەرچووە.

– ژمارە1، ساڵی 1، 6ی ئەیلوولی 1942.

– ژمارە 30، ساڵی 1، شەشی ئەیلولی 1942.

– ژمارە31، 28ی ئۆکتۆبەری 1943.

**تێبینی:**

وادیاره ئەو بڵاوکراوەیە دواتر ناوەکەی بۆتە (**دەنگی گێتیی تازە**)، سەرەتا لە شێوەی گۆڤارو دواتر لە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووە.

* ژمارە ئۆریژناڵەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بە کۆدی Per. 9.1226998 لە کتێبخانەی مەدرەسەی موتاڵەعاتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا (سواس)، لەندەن پارێزراوە.بڕوانە:

- بیبلیۆگرافیای چاپکراوی کوردیی باشوور، نووسینی سی. جەی. ئەدمۆندز، لە ئینگلیزییەوە وەرگێرانی سەلمان عەلی، 1920-1936، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە15، مارتی 2004، ل135.
- ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە کتێبخانەکانی شاری لەندەن، ئەنوەر سوڵتانی، گۆڤاری هیوا، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ژمارە 8، ل35-39

**ڕۆژانوو**

ڕۆژنامە

1943


Roja Newe

Çikarken

Tunceli Senatörü Mehmet Ali Demir Doğuya ait bir takrir verdi

Zorba Jandarmalar

Azizoğlunun Ragıp Gümüşpalaya verdiği cevap müsbet karşılandı

Dayak Yedi

هیچ پێناسەیەک لەژێر ناوەکەی نەنووسراوە

**خوەدی و گرینەدی:** میر د. کامران عالی بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانەی نارێك و پێك.

**نرخ:** 10 قەمەری (**بەهای ژمارەیەك**).

**پێوانە:** (          )سم و 402 لاپەڕە.

**جێگا:** بێروت.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باکوور**)، فەرەنسی.

**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** 73 ژمارەی لێ دەرچووە، سەرەتا بە زمانی کوردیو فەرەنسی دەرچووە، دواتر ژمارەیەك بە زمانی کوردی و ئەوی دیکەی بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە .

- ژمارە1، ساڵی1، 3ی گوڵانی 1943.
- ژمارە73، ساڵ4، 27ی مایسی 1946.

**تێبینی:**

- ڕۆژانوو، وەشانخانەی ژینانوو، ستۆکهۆڵم، سوید،
-ڕۆژانوو، کۆبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، **2001**.

**نیشتمان**

**گۆڤار**

1943



**بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ك) گۆڤارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، کۆمەڵایەتی و مانگی کوردە ژ(6)**

**خاوەن:** کۆمەڵەی ژ.ك

**سەرنووسەر:** عەبدولڕەحمان زەبیحی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (17×22) سم و ژمارەکانی (24-36)لاپەڕەبووە.

**چاپخانە:** لاینۆ تایپ لە تەورێز.

**جێگا:** تەورێز، دوا ژمارەی لە سیتەك/سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**موکریانی**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (10) ژمارەی لێ بڵاوکراوە.

- ژمارە1، تەمموزی 1943..
- ژمارە 2، تشرینی یەکەمی 1943.
- ژمارە (3-4)، بەرگێکدایە. لە کانوونی یەکەمی 1943.
- ژمارە5، کانوونی دووەم و شوباتی 1944.
- ژمارە6ی لە شوبات و مارتی 1944دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە(7، 8، 9)ی مارت و نیسان و مایسی، لە بەرگێك دایە، لە ساڵی 1944دا بڵاوکراوەتەوە،
- ژمارە 10ی بە پێی هەندێ بیرەوەری لە ساڵی 1948 لە سیتەك (**سلێمانی**) دا بڵاوکراوەتەوە.

**<u>تێبینی:</u>**

هەموو ژمارەکانی چاپکراونەتەوە، بڕوانە:

- گۆڤاری نیشتمان، زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هۆردە بۆرژیازی ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی دکتۆرجەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، 1985.

(ئەم چاپە ژمارە 1-6ی نیشتمانی گرتۆتە خۆ)


- ژیان وبەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، چاپەمەنی زاگرۆس، سوید، 1999.(ژمارە 7و8و9 کەبەیەك بەرگ دەرچوون لەگەڵ دیارییەکانی ژ.ك بۆ یەکەمجار بڵاوکردۆتەوە). بەرگی ئەم ژمارەیەی نیشتمان و لاپەرە 9و10ی نووقسانە.
- عەلی کەریمی، گۆڤاری نیشتمان بڵاوکەرەوی بیری کۆمەڵەی ژ.ك.بنکەی ژین، سلێمانی، 2008.(ئەم چاپە ژمارەکانی 1و2و3و 4و 5و 6و 7و8و9 و تاقە ژمارەی کۆڤاری هاوار... هاواری کوردو دیارییەکانی ژ.ك و پێشەکی بنکەی ژین و بیوگرافیای هەندی لە نووسەرانی ئەو گۆڤارەو نووسینێکی عەلی کەریمی

دەربارەی ژ.ك ی گرتۆتە خۆ. بۆ یەكەمجار ژمارە 7و8و9 بە تەواوی بلاوكراوەتەوە.

**دەنگی گێتیی تازە**

**گۆڤار**

1943




گۆڤارێكی مانگانەیە، لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتییەوە، لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەردەهێنرێ.

**خاوەن:** بەشی پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** دانەی بە (30) فلسە، ئابوونە بۆ شەش مانگ 180 فلسە، بۆ ساڵێك 360 فلس.

**پێوانە:** (25×37)سم و 48 لاپەڕەو، (18×24)سم و 96 لاپەڕە.

**جێگا:** بەغداد

**چاپخانە:** معارف، سریان، المنصور.

**زمان:** كوردی (**كرمانجی خواروو**)، جاروبار بە كرمانجی باكوورو شیعری پرتۆ شای هەكاری و هیدیكەی بلاوكردۆتەوە.

**رێنووس:** عەرەبی، جاروبار بۆ مەبەستی فێربوون، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەدمۆندس، پارچە نووسینێكیان بە لاتینی بلاودەكردەوە.

**ژمارەكان:** (25) ژمارەی خولی یەكەم بە قەبارەی گەورە لەلایەن مەكتەبی عیلاقاتی گشتیی سەفارەتی بەریتانی دەرچووە.

-ژمارە 1، بەرگی (1)، تشرینی یەكەم 1943.

-ژمارە1، بەرگی (5)، تشرینی یەكەمی 1945.

* تۆفیق وەهبی لە "لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیدا.. وتارو بیرەوەری)، مامۆستا محەمەد رەسول هاوردا، ئەگێرێتەوە

"...دەسم كرد بە بلاوكردنەوەی نەشرەیەكی دەوری كە لەو نەشرەیەدا باسی ئەوەم ئەكرد كە چۆن ئەڵمانەكان لەم شەرەی هەڵیان گیرساندوە دەشكێن و حلف(هاوپەیمانەكان-رەفیق) سەر ئەكەون..ئینگلیزەكان ئەمەیان زۆر لاخۆش بوو ئەو نەشرەیە بەناوی (**بیانی حقیقت=بەیانی حەقیقەت**) ەوە دەرئەچوو. ئینگلیزەكان پێیان وتم بۆچی ئەم نەشرەیە ناكەی بە گۆڤارێكی رێكوپێك. منیش داوام لێكردن ئایا حكومەتی عیراق رێگەم ئەدا كە لەو مجەلەیەدا هەرچیم بویَ دەربارەی مێژووی كوردو ئەدەبی كوردو زمانی كوردی بلاوی بكەمەوە وتیان چی ئەنووسی بنووسە، منیش دەستم كرد بە دەرهێنانی "**دەنگی گێتیی تازە**" كە حسێن حوزنی موكریانی بە مانگانە ئیشی لەو گۆڤارەدا ئەكرد...".

*ژمارەكانی ئەم گۆڤارە دەگمەن و پەرشو بلاون، چونكە كاتی خۆی لەبەر ئەوەی لەلایەن ئینگلیزەوە دەردەچووە، لەناودەبران.

## ستێر

ڕۆژنامە

1943

وەلات بەری هەرتشتی

(وولات بەر لە هەر شتێك)

**خاوەنی:** میر دکتۆر کامەران بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** پاشکۆی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو.

**وێنە:** هەیە، نیزیکی 37 وێنەی تێدایە.

**پێوانە:** (29×42)سم (4 لاپەڕەیە).

**جێگا:** بێروت.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا (3) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە1، 6ی کانوونی یەکەمی 1943.

-ژمارە2، 28ی شوباتی 1944.

-ژمارە3، 22ی چریا دووێ (تشرینی دووەم)ی ساڵی 1945.

**تێبینی:**

ئەم ڕۆژنامەیە پتر بایەخی بە وڵاتی فەرەنساو چالاکی هاوپەیمانەکان داوە، لە پاڵییەوە باسی کوردانی کردووەو هەندێك چیرۆك و مەتەڵ و سترانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، چەند هەڵبەستێکی (**جگەرخوێن**)یش لە دوتوێی لاپەڕەکانی دەبینرێ هەرسێ ژمارەی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

هازم قلیج)، ستێر، میر دکتور کامەران عالی بەدرخان، ئامادەکاری چاپا نوو، چاپا وەشەنێن خانی وباتەیی، دانیمارك، 1992.

## گۆڤار

هەولێر

1943

هەفتەنامەیەکی سیاسی, ئیجتماعی سڕی کوردیە, هەموو گەنجانی هەولێر یاریدەی نووسین و بڵاوکردنی ئەکەن. 12 لاپەڕەیە, پێوانە 12 × 18 سم, بەدەست نووس و (دوو ڕەنگی شین و سپی) بەپێی پیتەکانی ئینگلیزی زنجیرەی بۆ دانراوە, تەنیا ئەو ژمارەیەی لەبەردەست دایە کە پیتی T دراوەتێ و بەرامبەر ژمارە (20)ە.

**سەرچاوە:** تاریق جامباز, هەفتەنامەی (گۆڤار), وەزارەتی ڕۆشنبیری, هەولێر, 1998.

## ئازادی

ڕۆژنامە

1944



آزادى

زمانحاڵی حزبی شیوعی عیراق/ لقی کورد بووە. لەلایەن مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی بە سەرپەرشتی فەهد دەرچووە. مانگانەی نارێك, نرخ 20 فلس, پێوانە 21 × 30 یان 16 × 21 سم, ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان 8- 16

لاپەرەیە. بەکوردی و بە نهێنی لە هەولێر دەرچووە, لە چاپخانەو دواتر بەتایپ و رونیۆ دەرکراوە. ژمارە (1) ی لە نیسانی 1944و ژمارە (5) ی لە تشرینی دووەمی 1945, هەروەها ژمارە (2) ی ساڵی (10) ی کۆتایی مارتی 1945و ژمارە (1) ی ساڵی (12) ی لە تەمموزی 1956 بڵاوکراوەتەوە, بە تەواوی نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە, لە ساڵی 1956 ناوەکەی بووە بە ئازادی کوردستان.

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان (سلێمانی) و د.مارف خەزنەدار (هەولێر).

**دەنگی گێتیی تازە**

**گۆڤار**

1944



"گۆوارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی، اجتماعی، پەیامی، هەفتەیی، کوردییە".

**خاوەندی ئیمتیاز:** محامی فایق تۆفیق.

**مدیر مسئول:** محەمەد بابان.

**مدیری ئیدارەو رەئیسی تحریر:** حوزنی موکریانی.

**پێوانە:** 18ر5 ×24 سم.

**نرخ:** 26 فلس

**جێگا:** بەغداد

**چاپخانە:**مەعارف بەغدا

**زمان:**کوردی (کرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:** (35) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە 2، بەرگی (5)، رێکەوتی تشرینی دووەم 1945 لە دیوی بەرگی ناوەوەی گۆڤارەکە ژمارە (1)ی لی دراوە.

- ژمارە 34، بەرگی شەشەم، ساڵی سێیەم، 23ی ئەیلولی 1946.

-ژمارە 3، ساڵی چوارەم، 28ی تشرینی یەکەمی 1946.دوای ئەم ژمارەیە بووە بە رۆژنامە.

**دەنگی راستی**

**گۆڤار**

1944

لقی سلێمانی کۆمەڵەی ژ. ك, دوو ژمارەی لێ دەرکردووە.

**سەرچاوە:**

- ئیبراهیم ئەحمەد, فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردایەتی, مەڵبەند (گۆڤار), لەندەن, ژمارە 57, مارتی 1995.
- ئیبراهیم ئەحمەد, لە بیرەوەرییەکانم, گزنگ (گۆڤار), سوید, ژمارە 13, پاییزی 1996, ل49.

**دەنگی کورد**

**گۆڤار**

1944

لەلایەن ئیبراهیمی قادری, ئەنوەر دڵسۆز, عەبدوللای ئەیوبیان, سدیق ئەنجیری, مەحمود

محدود لە کرماشان بە کوردی و فارسی دەرچووە.

**سەرچاوە:** ژ.ك لە کرماشاندا, گزینگ (گۆڤار), ژ29, سوید.

## شیلان
**1945–1944**


باڵێکی حزبی هیوا بەناوی هیوای ئازاد, لەگوندی زەرداوی نزیك سەرقەڵای سەر بە کفری, بەسەرپەرشتی عەتا تاڵەبانی دەریکردووە, بەتایپ چاپکراوە.

**سەرچاوە:**

- مستەفا نەریمان, بیرەوەرییەکانی ژیانم (بەغداد, دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی, چاپخانەی دار الحریە, 1944) ل 120.
- مکرم تاڵەبانی, حزب هیوا, (السلیمانیة, مطبعة خاك, 2002) ص 180 – 181.

## یەکێتی تێکۆشین
**هەولێر**

**1945–1944**




زبانحاڵی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی عێراقی– لقی کورد (گروپی یەکێتی تێکۆشین), مردن بۆ فاشست، ژیان بۆ نیشتمانی سەربەست تێکۆشین بۆ بەهێزکردنی جبهەی وطەنی بۆ ئازادیو سەربەستی کورد، نرخ 50 فلس, ژمارەی لاپەڕە 13 – 25, لە هەولێر بە نهێنی لە نێوان 1944–1945دا، (3) ژمارەی لێ دەرچووە,

**سەرچاوە:**

- جەمال نەبەز, گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین (1944–1945)، (ستۆکهۆڵم: ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر, 1988).

## نامەی هەفتەگی کوهستان
**ڕۆژنامە**

1945




**خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری بەرپرس:** دکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان.

**جێگا:** تاران.

**زمان:** فارسی، جارجار کوردیش.

**ژمارەکان:**

ژمارە 1، 26ی شوباتی 1945.

ژمارە 84، دووشەمەی 4ی مارتی 1947.

**زەردەواڵە**

**بلاۆکراوە**

**بەهاری** 1945

**بلاۆکـراوەی کۆمەڵـەی نهێنـی "زەردەواڵـە" بووەو لـە سلێمانی بە دەسخەت و کاربۆن و بە شـێوەی شـیعری گـەپ و وێنـەی کاریکـاتێری هەواڵی پڕ لـە گاڵتـەکانی حکوومـەتی سلێمانیی بلاۆکردۆتەوە. مانگی دووجار بلاۆکراوەتـەوە و بـە پۆســتدا بـۆ موتەســەڕیف و بەڕێوەبـەری دائیرەکان نێردراوە. فایەقی کوڕە گەورەی تۆفیق قـەزازو عـەلیی پیـاوی، ئـەرکی بلاۆکردنـەوەیان گرتووەتــە ئەســتۆ. ســەعید ناکــام لــە بیرەوەریەکانیدا وتوویـەتی: من و رەمـزی قـەزاز دەرمانکردووە.**

**سەرچاوە:**

**ســەعید ناکـام، بیرەوەریــەکانی ســەعید ناکـام، دەزگــای چــاپ و بلاۆکردنـــەوەی ئــاراس، هەولێر،**2003**، ل** 55-56.

**کــەمال مەزهـــەر ئەحمـــەد (د.)، کۆمەڵـــەی زەردەواڵــە، رەنگــین (گۆڤــار)، بەغــدا، ژ** 125**، حوزەیرانی** 1999**، ل** 6-7.

**گەنجان**

**گۆڤار**

**1945**


سوپاس

زور بە گەرمی باسی "یەکیتی گەنجە دیموکراتیەکانی عراق" دەکەین ... ئە و یارمەتیە دلسوزو برایەتیەی نوراندی بەرامبەرمان ، بو دامەزراندنی ( یەکیتی ) یەکمانو دەرکردنی روژنامە و نوسینەکانی ترمان .

گەنجان

زمانی یەکیتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی عراق

ژمارە -١- سالی -١- مارتی ١٩٥٤ نرخی (٢٠) فلسە

بەرەو یەکیتی

**ئۆرگانی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی- عراقی سەر بە حزبی شیوعی عراق- لقی کورد لە سلێمانی، بە** 4 **لاپـەرە, بـەنرخی** 20 **فلس و بەپێوانەی** 21 × 30 **سم بە تایپ رایتەرو رۆنیو راکێـشراوە، ژمـارە** 1**، سـاڵ** 1**، مـارت** 1945 **درەچووە. لە وتارەکانی ژمارە یەك:**

**- بەرەو یەکێتی، هەڵبژاردنی مەجلیس بەلەدییە لە سلێمانی، نەورۆز (رۆژی نوێ). . لە گەڵ چەند هەواڵێکی گەنجان لە عێراق و جیهان.**

**سەرچــاوە: ئەرشــیفی نەتــەوەی کوردســتان- سلێمانی.**

**ماد**

**گۆڤار**

1945




گۆڤارێکی ئەدەبیو عیلمیو تەئریخیە.

**خاوەنی**: محەمەد کەیوان پوور موکری.

**جێگا**: تاران

**پێوانە**: 20 × 14,5 سم

**زمان**: فارسی

**چاپخانە**:

**رێنووس**: عەرەبی

**نرخ**:

**وێنە**:هەیە

**ژمارەکان**: تەنها (2) ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، شەهریوەری 1324(کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلولی 1945.

ژمارە 2، دیماه1324 (کۆتایی کانونی یەکەمی 1945، سەرەتای کانونی دووەمی 1946.

**<u>تێبینی</u>**:

- حوسێن حوزنی مووکریانی لەژێر ناونیشانی(**کۆوارێکی تازەی کورد**) لەبارەیەوە نووسیویە: (دوو ژمارەی ئەو نامە خۆشەویستەمان بۆ هاتووە، لاپەڕەکانی بەدێڕێکی نەتەوەی کوردو ئەدەبیاتی کوردی رازاندوتەوە، لەبابەت بەراوردی زمانە هاوبەشەکانی کوردەوە وتارانی پڕسوودی تێدا نووسراوە نامەیەکی گران باو پڕ نرخە بۆ دێرێکی سەدەکانی –ماد–ی بچووك).


- (جەبار جەباری) لە کتێبی"مێژووی رۆژنامە گەری کووردی"دا لەژێر ناو نیشانی( **گۆڤاری ماد**)دا لە بارەیەوە نووسیویە:

"گۆڤارێکی کوردی وفارسییە،خاوەنەکەی دکتۆر مەهدی بوو، وە هۆنراوەی کورد بە لەهجەی هەورامی لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر فارسی بڵاو ئەکرایەوە، وە زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ فارسی تەرخان کرابوون، بەڵام نازانین لە کوێ وە کەی ئەم گۆڤارە دەرکراوە وەچەند ژمارەی لێ دەرچووە؟".

**هاوار ... هاواری کورد**

**گۆڤار**

1945



**بەرپرس:** سەید محەمەدی سەمەدی .

**وێنە** : نییە.

**پێوانە:** (14×20)سم، 30 لاپەڕە.

**شـوێنی جێگـا**: کـوردی (**کرمـانجی خـوارووـ موکریان**).

**ڕێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەکان: تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.**

**- ژمـــارە**1، **ڕەزبـــەری** 1324**ی هـــەتاوی بەرامبەر ئەیلول و تشرینی یەکەمی** 1945.

**ئاوات**

**گۆڤار**

**1945**



**گۆڤـــارێکی ئـــەدەبی، تـــاریخی، کۆمەڵایـــەتی، کوردیـــە. خـــاوەن و بەرپرســـی: محەمـــەد ئـــازەر (محەمەدی شاپەسندی). لەمـەهاباد بە پێوانەی** 12 × 19 **سـم. تـەنیا یـەك ژمـارەی لـە** (1)**ی خـــەزەڵوەری** 1324 (23 **ی تـــشرینی یەکـــەمی** 1945 **لێ دەرچووە.**


**تێبینی: لە یاداشتەکانی محەمەدی شاپەسندی چاپکراوەتەوە. بڕوانە:**

**ســـدیق ســـالح، بیرەوەرییـــەکانی محەمـــەد شاپەســندی، بنکــەی ژیــن، چــاپخانەی شــڤان، سلێمانی،** 2007، **لاپەرە** 125-145.

**کوردستان**

**گۆڤار**

1945




**گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی کوردیە. هەر پازدە ڕۆژ جارێك بڵاو دەکرێتەوە**

**خاوەنی: بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان.**

**سەر نووسەر: سەید محەمەدی حەمیدی.**

**نرخ:** 8 **ریال، ئابوونە** 6**مانگ** 90 **ریال ، یەك ساڵ** 180 **ڕیال.**

**پێوانە: نیو بەتاڵ بە** (22، 38، 63) **لاپەڕە.**

**چاپخانە:** **کوردستان.**

**جێگا: مەهاباد.**

**ڕێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:**
-ژمـــارە 1، 6ی دیـــسەمبەری 1945( 15ی سەرماوەزی 1324).
-ژمـــــــــارە 2، 21 دیـــــــــــسەمبەری 1945(1324/9/30.
-ژمەرە 3، ساڵی 1، مارسی 1946.
-ژمارە 5ی لە ساڵی 1946.
- ژمـــارە 6و7، ســـاڵی یەکـــەم، پووشـــپەرو گەلاوێژی 1225، 63 لاپەرەیە.

**تێبینی:**
نووسـەرانی پێـشووتر هـەر یەکـەیان بـەجۆرێك باسی ئەم گۆڤارەیان کردووە، لەوانە:
(**عەلائەدین سجادی**) نووسیویە:
**(گۆڤـــارێکی ئـــەدەبی و پیلانـــی بـــووە، لـەپایزی1945 تـا کـانونی دووەمـی 1946 بەناوی کۆمەلـەی دیموکراتی کوردستانەوە لە سابلاغ 18 ژمارەی لـێ دەرچووە وئیتر پـەکی کەوتوە)** .
( **جـەبار جـەباری**)یـش دوای نووسـینی هـەمان ئەو زانیياريانەی سەرەوە ئینجا نووسیویە:
**( ئەم گۆڤارە بەنرخە هەمیشە وەکو عادەت چەند لاپەرەیــەکی بــۆ هەڵبەســت تــەرخان کردبــوو، بێجگـە لـەوەش لـەبارەی بلأوکردنـەوەی وتـاری مێـژیویی و رامیـاری وکۆمەلأیـەتی وزانیـاری درێخی نەکردوە)**
(**جــەمال خەزنــەدار**)یــش رۆژی دەرچــوونی ژمارەیەکی بە ڕاست ودروستی تۆمار کردووە، لەبارەی دوا ژمارەیشەوە نووسیویە:
**(هــەتا کۆتــایی مــانگی کــانوونی دووەمــی ساڵی1946 (16) ژمارەی لێ بلأو کراوەتەوە)**

(**د. کەمەل مەزهەر**)یش نووسیوویە:
**(تاکۆتـایی سـاڵی1946 چـەند ژمارەیـەکی لـێ دەرچــووە ژمــارە یــەك ودووی هەریــەکیان20 لاپەرەیە،ژمارە سێ و چواری هەریەکـەیان 38 لاپەرەیە، ژمارە6و7ی پێکەوە دەرچوون وبەسەر یەکەوە60 لاپەرەن.(5ر21×14 سم)**
(**حمە صالح فەرهادی**)یش دوا ژمارەی دیار نەکردووە کەچ ژمارەیەك بووە،بەلأم نووسیویە:
**(لـــەکۆتایی مـــانگی کـــانوونی دووەمـــی ساڵی1946دەرچووە)**.
(**وریــا جــاف**)یــش ئــەو زانیارییانــەی نووســـەرانی ســـەرەوەی بەهەڵـــەو راســـتیەوە دووبارە نووسیوەتەو، بەلأم ئەوەشی زیادکردوە کـە:**(هـەر لەسـەرەتای سـاڵی1946 راگـیراوەو لەوماوەیەدا کۆماری مەهاباد دامەزراوە)**.

## شۆرش

### هەولێر

### 1945

ئۆرگانی حزبی شۆرش بووە. بەرۆنیو دواتر بەچـاپ بـەتیراژی چـەند سـەد دانەیـەك, چـەند ژمارەیەکی بە زمانی کوردی لێ دەرچووە.
**سەرچاوە:**
- جەبار جەباری, تأريخ الصحافة الكردية فی العـراق, (بەغـدا: دار الثقافـةو النـشر الکردیـة, 1975) ص85.
- ساڵح حەیـدەری, رزگـاری چۆن چاپ دەکـرا, پاشـکۆی عـیراق (رۆژنامـە ), ژمـارە 14, 12 ی نیسانی 1978).

## رزگاری

**گۆڤار**

**1945**

**ئۆرگانی حزبی رزگاری کورد. سەرەتا بەرۆنیو دواتر بە مەکینەی چاپ لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم 1945 بڵاوکراوەتەوە.**

**سەرچاوە:**

**- موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعی العراقی السری، بغداد**، 1949. ص73.

**- ساڵح حەیدەری، رزگاری چۆن چاپ دەکرا؟ عێراق (رۆژنامە)، ژمارە 14، نیسانی 1978. ل**(3، 14).

## چیا

**رۆژنامە**

**1945**

**سەرچاوە:** رۆژانو (رۆژنامە)، ژمارە 65،25ی **کانونی یەکەمی**1945، **ل** (4).

## تروسك یان تروسکا

**رۆژنامە**

**1945**

**سەرچاوە:**


**- رۆژانوو (رۆژنامە)، ژمارە** (65) **کانوونی یەکی** 1945. **ل**4

**- محەمەد توفیق وردی، رۆژنامەگەری لەکوردستان دا، روناکی (گۆڤار). ژمارە** (290) **هەینی** 23 **تشرینی یەکیی** 1969، **ناوبراو ئەڵێ لە سییەکانی سەدەی رابردوو لەسلێمانی بڵاوکرایەوە بە ناوی تروسك یان تروسکا دەرچووە.**

## پشکۆ

**گۆڤار**

1945



**ئۆرگانی کۆمەڵەی هاوار، پێوانە** 16،5 × 21**سم**. 13 **لاپەرە. ژمارە**(1)، **بەرگی** (1)، 1945. **وادیارە بڵاوکراوەکانی (هیوا)، هەرهەموویان، بەدەست نووسراونەتەوە. هیچ کام لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەبەردەست دا نییە.**


**سەرچاوە:**

**د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا (بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕ،** (1978) **ل**88.

**کوردستان**

**رۆژنامە**

1946



بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان
لەلایەن هەیئەتی تەحریرەوە دەردەچێ.

**سەرنووسەر:** سەیید محەمەد حەمیدی

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی (3) ژمارە، شەمموان، دوو شەمموان، چوار شەمموان.

**جێگا:** مەهاباد

**نرخ:** 1 ریال (تاژ 6)، 2 ریال (لە ژ7)ەوە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (28×39)سم و 4 لاپەڕەیە، (28×42)سم **چاپخانە:** کوردستان.

**زمان:** کوردی (**موکریانی**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە(1)، 11ی کانوونی دووەمی 1946دا ڕێکەوتی 20ی بەفرانباری 1324 دەرچووە.

ژمارە 93، 11 ڕەزبەر 1325.

**تێبینی:**

لای (**عەلائەدین سجادی**) ناوەکەی بە(**کوردستان**) نووسراوەو وا پێناسەی کراوە کە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی پیلانی سیاسی کوردیو زمان حاڵی حکومەتی (**قازی محەمەد**) بووبێ.

هەروەها (**سجادی**) پێی وابووە:

(**لەنیوەی کانوونی دووەمی 1946تا کانوونی یەکەمی عەینی ساڵ هەر بە دوو ڕۆژ جارێ لە شاری سابڵاخ ژمارەیەکیان لێ دەرکردووە، هەمووی 113 ژمارەی لێ دەرچووە**).

لای (**جەبار جەباری**)ش :

(**ڕۆژنامەیەکی گەلێ پێشکەوتووبوو، شانبەشانی ڕۆژنامەکانی جیهان ڕێڕەوی ئەکرو، وە هەمیشە ڕازاندرابۆوە بە گۆشەی هەمەجۆری سوودبەخش، بۆیە بە فراوانی پەخش و بڵاو دەکرا بەناوچە کوردەوارییەکانا**).

بەڵام پێی وابووە:

(**113 ژمارەی لێ دەرچووەو بە ڕوخانی حکومەتی قازی محەمەد ئەم ڕۆژنامەیەش پەکی کەوت**).

کەچی (**جەمال خەزنەدار**) نووسیویە:

(**ڕۆژنامەیێکی سیاسی ڕۆژانە بووە، زمانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران). لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (112)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.**

**پاش ڕووخاندنی حکومەتی قازی دووبارە بەشێوەیێکی نهێنی هەتا ساڵی 1960 لە ئێران دەرچووەو چەند ژمارەیێکی لە باکۆ لێ بڵاوکراوەتەوە، ئینجا (26) ژمارەی لە ئەورووپا لێ بڵاوکراوەتەوە، و ئێستاش بۆ جاری پێنجەم بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە**)

(ســـەید عەبـــدوڵڵای ســـەمەدی)ش لـــە مەهابادەوە نووسیویە:

( "ئەحمەد شەریفی"ش رای وابووە کە (112) ژمارەی لە زەمانی کۆماردا لێ دەرچووە، دوای روخانی کۆماریش دوو ژمارەی (113و 114ی بەدەسخەت لە تەورێز چاپ و بڵاوکراوەتەوە).

هـــەر (ســـەید عەبـــدوڵڵا)، دوای ئـــەوەی را ئاڵۆزەکـانی (جـەمال خەزنـەدار) لـەبارەی ئـەم رۆژنامەوە دەردەخا، ئینجا دەنووسێ:

(بەڵام بە ڕای مامۆستا عەبدوڵڵای ئەیوبییان لێ دەرچـووەو خـۆم لـە ئەرشـیفدا 110 ژمارەکـەم هـەبوو.ئەو رۆژە کـە دەبـوو ژمـارە 111ی چاپ بکرێ، من سەردانی چاپخانەی کوردستانم کرد دیتم لەجێی – کوردستان پەڕێك ئیعلان بەناوی پێشوازی کردن لە ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چـاپ کـراوە، مـن دانەیـەك لـە ئیعلانەکـەم دە ئەرشیفدا پاراستبوو).

* 82 ژمـــارەی لەبەرگێکـــدا چـــاپکراوەتەوە،


بروانە:

– رۆژنامـەی کوردسـتان، ئامـادەکردنی رەفیـق سـالح و سـدیق سـالح، بنکـەی ژیـن و دەزگـای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2007.

**هاواری نیشتمان**

**گۆڤار**

1946




**بڵاوکراوەی بیری یێکەتی جەوانانی کوردستان**

**گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتییە**

**مـدیر مـسئول:** سـدیق ئـەنجیری ئـازەر (ص. انجیری اذر).

**وێنە** : یەك وێنەی تێدایە.

**نرخ:** 10 ریال.

**پێوانە:** (14،5 × 22) سم و 40 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کوردستان.

**جێگا:** مەهاباد.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو ، موکریان**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا (1) ژمارەی لێ دەرچووە.

**ژماره** 1، **ساڵی** 1، 1**ی خاکە لێوەی** 1325**ی هەتاوی** (21**ی مارتی** 1946).

**هەڵاڵە**

**گۆڤار**

1946



**کۆمیتەی محەلی حزبی دیموکراتی کوردستان/ لکی بۆکان دەری دەکات**

**مدیری ئیدارە**: ح. قزلجی(حەسەن قزلجی)

**وێنە**: 6 دانە.

**پێوانە**: (5ر22×15)سم و 30، 31لاپەڕەیە.

**چاپخانە**: بۆکان.

**جێگا**: بۆکان.

**زمان**: کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**رێنووس**: عەرەبی.

**ژمارەکان**: تەنیا(3) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە1، رەشەمەی 1324 (مارس 1946).

-ژمارە2، خاکە لێوەی 1325.

-ژمارە 3، ساڵی یەکەم لە بانەمەڕی 1325.

**تێبینی**:

(**عەلائەدین سجادی**) لە کتێبی **مێژیوی ئەدەبی کوردی** دا لەبارەیەوە نووسیویە:

(**گۆڤارێکی ئەدەبی و پیلانی بووە بۆ لقی حزبی دیموکراتی کوردستان، لە 21ی مارتی 1946 تا حوزەیرانی عەینی ساڵ 3 ژمارەی لەشاری بۆکان دەرچووە**)

(**جەبارجەباری**)ش لە کتێبی **مێژیوی رۆژنامەگەری کودی** دا نووسیویە:

(**سەرەکی نووسەری گۆڤارەکە- حەسەن قزلجی تورجانی زادەیە) وە هەتا مانگی حوزەیرانی 1946 ژیاوە تەنیا (3) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەم رۆژنامەیەش وەکو دەستە خوشکەکانی تری بە لەناوچوونی کۆماری مەهاباد داخراو دەستەی بەڕێوەبەری دەربەدەرکران**)

(**جەمال خەزنەدار**)یش پێی وایە:

(**لەلایەن لاوانی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکرایەوە**)

(**د.کەمال مەزهەر**)یش وا ئاماژەی بۆ کردووە کە:

(**ژمارە یەکی: رەشەمێی 1324، سەرەتای مارتی 1946**)دا دەرچووە، (**ژمارە یەکی 30 لاپەڕەیە، لەسەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا دیسان ناوی گۆڤارەکە چاپ کراوەو لەلای سەرەوە نووسراوە**:

**با بەرێ بۆنی (هەڵاڵە)و بەیبوون**

**ئابڕوی عەتری گوڵی کاشانی**

وادیارە ژمارەکانی لای د.کەمال دیار نەبووە، بۆیە نووسیویە:

(**چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو**).

لای (**حەمە ساڵح فەرهادی**)یش خاوەنداریێتی خراوەتە پاڵ (**لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**) و مێژووی دەرچوونی ژمارە(یەک)ی لە رۆژی نەورۆزی ساڵی 1946 دانراون.

هـــەر لای ئـــەو دوا ژمـــارە (3)ی لـــە مـــانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ دەرچووە.

(**وریا جاف**)یش هەر بۆچوونی نووسەرەکانی پێشووی لەسەر بڵاوکردۆتەوە.

هەرچـی (**د. هیمـدادی حوسـێن**)ە، لـە نامـەی دکتۆراکەیـدا کـە بـە تـەنیا 10 لاپـەڕەی بـۆ دوان لەسەر ئەم گۆڤارە تـەرخان کـردووەو زۆر لایـەنی دیکەی (**هەلاڵە**)مان بۆ روون دەکاتـەوە، لەبارەی سەرنووسـەرەکەیەوە دەڵـێ: (پـاش رووخـانی کۆمار رووی لـە کوردسـتانی باشـوور کـردووە و ماوەیـەك لـە بەغـدا ماوەتـەوەو پاشـان رووی لـە وڵاتـی بولگاریـا کـردووەو دوای رووخـانی شـای ئێـران گەڕاوەتـەوەو لـە زینـدان لـە سـاڵی 1985 شەهید بووە.


لـــە لێکۆڵینەوەکـــەی د. هیمـــداد بۆمـــان دەردەکـەوێت کـە (**هەلاڵـە**) هـەموو هونـەرەکانی رۆژنامەنووسی لە (**وێنەو ریپۆرتاژ و هەواڵ و.. هتد**) تێدابووە.

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: سـەرجەمی بەرهـەمی حەسـەن قزڵجـی، ئامادەکردین موحسین قزڵجی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2002.

**رزگاری**

**گۆڤار**

**1946**


رزگاری

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد-عراق, دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان بوو, بەزمانی کوردی و عەرەبی, (چوار ساڵێك) لە بەغدا, دواتر لەسیتەك و چەند ساڵێك لە کەرکوك دەرچووە. ژمارەی لاپەرەکانی (2-8) لاپەرە, نرخ 20 فلس. تا ساڵی 1957 نەزانراوە چەند ژمارەی لێ درەچووە.

- ژمارە (1)، 2 ئەیلوولی، (1946).
- ژمارە 2, تشرینی یەکەم, 1946. زمانی عەرەبی, پێوانە 21 × 34 سم. (2) لاپەرە.
- ژمارە 17-18, ساڵی دوو, کانونی یەکەم و شوباتی 1948. 14لاپەرە. 16 × 24سم, نرخ 50 فلس.

**زمانی عەرەبی**

- ژمارە 2, ساڵی سێ, تشرینی یەکەمی 1948. 14 لاپەرە, نرخ 30 فلس, زمانی عەرەبی.

- ژماره 6 , ساڵی شەش, مارتی 1952, پێوانە 23,5 × 31سم. 4 لاپەڕە. زمانی : کوردی.
- ژماره 7, ساڵی شەش, نیسانی 1952 پێوانە 23,5 × 31, 4 لاپەڕە.
- ژماره (10, 11, 12, 13) لا, ساڵی 6-7, لەبەرگێکدا, لەتەمموزو ئەیلول و ئەغستوس و تشرینی یەکەمی, پێوانە 23,5 × 31, 4 لاپەڕە, کوردی.
- ژماره 1, ساڵی 7، 1953, کوردی
- ژماره 6, ساڵی 7, ئۆغستوسی 1953, کوردی
- ژماره 2, ساڵی 8, مارتی 1954, کوردی
- ژماره 2, ساڵی 9, حوزەیرانی 1955, کوردی دوای کۆنگرەی سێیەم و جیابوونەوەی گروپی ماموستا هەمزە عبدوللا لە پارتیو گروپی ناوبراو بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە جیا بەردەوام بوون لە دەرکردنی گۆڤاری رزگاری.
- ژماره 3, ساڵی 8, کانوونی یەکیی 1953. بە کوردی و عەرەبی
- ژماره 4, ساڵی 8, کانوونی دوو 1954, بە کوردی و عەرەبی
- ژماره 5, ساڵی 8, مارت 1954
- ژماره 6, ساڵی 8, نیسانی 1954
- ژماره 7, ساڵی 9 تشرینی دووی 1954

**سەرچاوە:** ئەرشیفی ماموستا محەمەدی مەلا کریم.

## دەنگی گێتی تازە

**ڕۆژنامە**

1946



**نامەییکە ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی، ئیجتماعی، پەیامی، هەفتەی کوردییە**

**خاوەندی ئیمتیاز: محامی فائق تۆفیق**

**مدیری ئیدارەو رەئیسی تەحریری:** حسین حوزنی‌ی موکریانی

**مدیری مەسئول:** محەمەد بابان.

**چاپخانە:** مەعاریف، مەنصوور.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە،4 لاپەرە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** 5ر35 × 5ر50سم. بەتاڵ.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**نرخ:** دیناریك و 250 فلس بۆ ساڵێك.

**ژمارەکان:** (31) ژمارەی وەك رۆژنامە لێ دەرچووە.

ژمارە 1، بەرانبەر ژمارە4، ساڵی4، 18ی تشرینی دووەمی 1946.

ژمارە 34، 25 ئابی 1947.

**تێبینی:**

*ڕۆژنامەیەکی دەگمەن و زۆر دەوڵەمەندە.

*بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر بڕوانە: ژمارە(10)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)،ژمارە 10، بابەتی (دیاریی ژمارە)، (**کوردێکی یەك ڕەنگ**)، پایزو زستانی 2003.

* بەشێکی زۆری ژمارە ئۆرژناڵەکانی لە کتێبخانەی عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕەشید باجەلان پارێزراون.

ئاگر

**گۆڤار**

**1946**

**لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەرچووە.**

سەرچاوە: **کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە 1599، ل10.**

**هاواری نیشتمان**

**ڕۆژنامە**

1946



ئۆرگانی یەکیەتی جەوانانی دیموکرات کوردستان

هاواری نیشتمان

لە لایەن هەیئەتی نوسەران وەدەردەکەوی

میللەتی کورد ئیمانی بەرەهبەری پیشوای خوی هەیە بو یە چەکی هەلگرتووە و دای نانی هەتاحەقی خوی نەستینی !.

ژمارە ۱ — سالی یەك — شەممو ۱۹ بانەمەر ۱۳۲۵ — ۹ مه ۱۹۴٦

آقای قوام السلطنه

شەهامەتی عشائری ولاتی کوردەواری

برو بەهیز بەئەگەرسەر بەرزیت دەوی چونکە لەپەیرووی خورسکاو ضعیف پامالە

**ئۆرگانی یەکیەتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان**

**لەلایەن هەیئەتی نووسەرانەوە وەدەردەکەوێ**

**خاوەنی ئیمتیاز**: یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان.

**مدیری مەسئول**: صدیق انجیری ئاذر.

**چاپخانە**: چاپخانەی کوردستان.

**جێگا**: مەهاباد.

**وێنە**: هەیە.

**نرخ**: 10 شاهی.

**زمان**: کوردی (**موکریان**).

**ڕێنووس**: عەرەبی.

**ژمارەکان**: (5) ژمارەی لەبەر دەستدایە.

**ژمارە** 1، 9 **ماه** 1946.

**ژمارە** 5، 2**ی پووشپەری** 1325.

**تێبینی:**

* هەر (5) ژمارەی لە ئەرشیفی بنەماڵەی **ڕەشید باجەلاندا** پارێزراوە.

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، وەك پاشکۆیەك، بڕوانە:

–ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح و سدیق سالح، بنکەی ژین و دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2007.

**گڕوگاڵی منداڵانی کورد**

**گۆڤار**

1946



**بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان**

**مدیری ئیدارە:** قادری مودەرسی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە، 2 وێنە.

**نرخ:** 3 قڕان.

**پێوانە:** (12×21) سم و 14–15 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کوردستان.

**جێگا:** مەهاباد.

**زمان:** کوردی (**موکریانی**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(3) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

– ژمارە 1 **بانەمەڕی** 1325 (1946).

– ژمارە 2، **جۆزەردانی** 1325 (1946).

– ژمارە 3، **پوشپەڕی** 1325 (1946).

**تێبینی:**

–سەرجەم ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، د. هیمدادی حوسێن، بڵاوکراوەکانی ئاسۆی پەروەردەیی، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، 2002.

**ئازربایجان–کوردستان**

**ڕۆژنامە**

1947



**ماوەی ڕۆژنامەی کوردستان**

**خاوەنی:** کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایەنجان– باکۆ.

**بەرپرس:** ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ، وەکو ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، لە باکۆ سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەیان کردووە.

**پێوانە:** (4 ) لاپەڕەی وەکو قەبارەی ڕۆژنامەکانی دوای (ڕاپەڕین) بوو، 3 لاپەڕەی بەزمانی ئازەری و لاپەڕەیەکیش بەزمانی کوردی بلاوکراوەتەوە.

**جێگا:** باکۆ، پایتەختی ئازەربایجان.

**زمان:** ئازەری، کوردی.

**ڕێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە 1، سەرماوەزی 1326 (کانوونی یەکەمی1947).

-ژمارە 1337، بانەمەڕی 1340(1962).

**تێبینی:**

چەند بەرگێکی ئەم ڕۆژنامەیە لە کتێبخانەکەی کۆڕی زانیاری عیراق -دەستەی کوردو هەموو ژمارەکانی لە کتێبخانەی دکتۆر مارف خەزنەدار پارێزراوە.

**شوعله**

**گۆڤار**

**هەولێر**

بلاوکراوەیەکی عەرەبی و کوردی بووە, عبداللطیف السعدی (نزیر-؟) سەرپەرشتی دەرکردنی کردووە.

**سەرچاوە:** موسوعة سریة خاصة بالحزب الشیوعي العراق السري, الجزء 1, بغداد 1949, ل73.

**هنا بغداد... ئێرە بەغدایە**

**گۆڤار**

1947




**مجلة شهرية جامعة**

**خاوەنی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاراستەکردون و ئێزگە. (مدیریة التوجیه والأذاعة العامة)

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (22 ×28)سم.

**چاپخانە:** مطبعة و زنكوغراف الرابطة.

**جێگا** : بەغداد.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** وا دیارە(171) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

- ژمارە171ی لە ذي‌الحجە1377/ تەمووزی 1958د.

**تێبینی:**

لە ڕاستیدا گۆڤارێك لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەناوی (**ئێرە بەغدایە**) نەبووە، بەزمانی کوردی دەرچووبێت، بەڵکو گۆڤارەکە

ناوی(**هنا بغداد**) بووە و بەشێکی بەزمانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەندێك لە نووسەرانی کورد، وتارو شیعرو بابەتی هەمە ڕەنگیان تێدا نووسیووە، زۆربەی لاپەڕەکانی بەشە کوردییەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکانی مانگێکی بەشە کوردیەکەی ئێزگەی بەغدا تەرخان دەکرا. چەند ژمارە یەکی لە کتێبخانەی عبدوڵلا زنگەنە هەیە. لەبارەی ژمارە یەکی کۆڤارەکەش زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان، بەتایبەتی د.کەمال مەزهەرو جەمال خەزنەدار و جەبارجەباری، لە سەر ئەوە کۆکن کە ژمارەیەکی لە ساڵی1950دا دەرچووبێ، بەڵام زاهیدە ئیبراهیم نووسیویە:
**(صدرت في بغداد سنة 1947)**.

سەرەتا بەشەکوردییەکە، لە گۆڤارەکەدا نەبووە، ئەو ژمارانەی لای عەبدوڵلا زەنگەنە پارێزراون لە نێوان ژمارە 151ی تشرینی دووەمی1956 و تەموزی 1958دایە، بەشەکوردییەکەی ،کەم و زۆر، تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**نزار**
**گۆڤار**
1948



**گۆڤارێکی هەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی یە**

**خاوەنی ئیمتیازو سەرۆکی نووسین:** عەلائەدین سجادی.

**بەڕێوەبەری نووسین:** مەحمود ئەلسنەوی.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (5ر22×30)سم و 24 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** مەعاریف/ بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**)، عەرەبی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا (22) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە1، 30 مارتی 1948 .

-ژمارە 22،15ی شوباتی 1949.

**تێبینی:**

ئەگەرچی گۆڤارەکە هەفتانە بووە، بەڵام بە (2) هەفتە جارێك دەرچووە.

ژمارە ئۆریژناڵەکانی لە کتێبخانەی (**ڕەفیق ساڵح**) و (**عەبدوڵلا زەنگەنە**) هەیە.

سەرجەم ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: **گۆڤاری نزار یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردی"**، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2000.

**سلێمانی**

**ڕۆژنامە**

1948

**خاوەنی ئیمتیاز:** مەعروف عارف.

**بەڕێوەبەری بەرپرس:** سەدیق نەقاش.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

–ژمارە1ی لە حوزەیرانی 1948دا دەرچووە.

**تێبینی:**

ئەم ڕۆژنامەیەمان نەدیوە، سەرچاوەی ئەم زانیارییانەمان ژمارە 924ی ڕۆژنامەی (**ژین**)ی 1ی تەمووزی 1948 بووە.

هەرچی کتێبی (**کشاف الجرائد والمجلات العراقیة**)یە، نووسیویە:

جریدة السلیمانیة

جریدة اسبوعیة

صاحبها: معروف العارف.

صدرت في بغداد سنة 1948 باعداد قلیلة.


لە ئیندێکسی ناوەکانیش ناوی ئەو ڕۆژنامەیەی لە پاڵ ناوی خاوەنەکەی نەنووسیوە، بەڵکو هەردوو ناوی ڕۆژنامەی (**البلاغ**) و (**الطریق**)ی نووسیوە، کە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بوونەو لە ساڵی 1953،1952دا لە بەغدا دەردەچوون.

**هەتاو**

**(هتاو)**

**ڕۆژنامە**

1948



**ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە**

**خاوەنی:** ئەمین ڕەواندزی.

**مدیری تەحریر:** محامی ناجی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**نرخ:** 10 فلس.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (30×42)سم و 4لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** پێدەچێ لە چاپخانەی (**ژین**)ی پیرەمێرد چاپکرابێ.

**جێگا:** هەولێر.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ژمارە(1)ی لە 11ی ئەیلوولی 1948دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

– ئۆریژناڵی ئەم ڕۆنامەیە لە کتێبخانەکەی (**شێخ محەمەدی خاڵ**) پارێزراوە، جارێکی دیکە


وەکو دیاری ژمارە8ی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) بڵاوکراوەتەوە.

– ئەو (**ناجی**) یەی کە لە سەرەوە وەکو (**مدیر تەحریر**) ناوی هاتووە. وای بۆ دەچین محامی (**ناجی شائول**)ی جوولەکە بوو بێت، کە لە چلەکانەوە تا سەرەتای پەنجاکان، کاری پارێزەری لە هەولێر کردووەو هەر ئەویش لە دادگادا بەرگری لە (**گۆران**)ی شاعیر کردووە.

## ڕێگا

**گۆڤار**

ئۆکتۆبەرو نۆڤەمبەری 1948



لە گوندی سیتەکی شارباژێڕ– سلێمانی, بەکوردی و فارسی لە لایەن حەسەن قزڵجی و غەنی بلوریان بەهاوکاری شێخ لەتیفی حەفید, بەناوی ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد, یەك ژمارەی بەتایپ و ڕۆنیو لێ دەرچووە.

**سەرچاوە:** غەنی بلوریان, ئاڵەکۆك.. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم, (ستکهۆڵم, 1997) ل375–376.

## دەنگی فەلاح

**گۆڤار**

1948

لەلایەن حزبی شیوعی عراق بەکوردی دەرچووە, ژمارە 3, ساڵی 3, مایسی 1950.

**تێبینی:** هەر لە سلێمانی بڵاوکراوەیەك بەناوی فەلاحەوە دەرچووە, بەپێی ژمارە 2, ساڵی 1, تشرینی یەکەمی 1950, بەپێوانەی 22 × 23 سم. هەروەها بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی یەکێتی فەلاح. ئۆرگانی کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکان بە 4 لاپەڕەو بەپێوانەی 21 ×30سم, بەپێی ژمارە 2, ساڵی 1, مارتی 1954.

**سەرچاوە:**

– ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان/ دادگای سلێمانی، دۆسییەی 950/85ی 9 لە کانونی یەکەمی 1950، کێشەی فەتاح فەرەج بووە.

– بە پێی هەمان سەرچاوەو دۆسییە، ژمارە 1ی بە ناوی "بڵاوکراوەی فەلاح" لە تشرینی یەکەمی 1950دا بڵاوکراوەتەوە.

## Bulletin du Centre d Etudes Kurdes

**گۆڤار**

**1948**

**خاوەنی:** د. کامەران بەدرخان.

**زمان:** ئینگلیزی، فەرەنسی

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانەی ناریکوپێك

**جێگا:** پاریس/فەرەنسا

**ژمارەکان:**

**ژمارە 1، 1948.**

**ژمارە 9، 1949.**

**مرۆڤ**

**گۆڤار**

1948

**پارتی دیموكراتی كورد-عراق، دەری كردووە ، ژمارە 3 ی لە دیسەمبەری 1948 دا بڵاوكراوەتەوە.**

**سەرچاوە: الموسوعة السرية للحزب الشيوعي العراقي،**

**النجمة**

**رۆژنامە**

1949

**شیوعیەكانی سلێمانی سەرەتای 1949 بە رێبەریی ئەكرەم یاملكی لە حشع جیابوونەوە, رۆژنامەی "النجمە" یان بە عەمەلای بە دەستخەت دەركرد. ژمارە(1)ی ساڵی (1)ی لە 1949/7/23 دەرچوو. ناوی "النجمە" لە ناو ئەستێرەیەكی پێنج چوكلەییدایەو لە ژێریدا دروشمی (المجد الخالد لقادتنا الابطال)، خوارتر (نشرة تنظيمية تثقيفية داخلية) نووسراوە. پێناچێ زۆری لێ دەرچوو بێت.**

**سەرچاوە: رعد هاشم توفيق الشاطئ, الصحافة الشيوعية فى العراق 1953-1958, بغداد, أيلول 1996, ص 64 (رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس معهد التاريخ العربى والتراث العلمى).**

**كوەنور**

**رۆژنامە**

**1949**

**خاوەن: سلێمان نەوشیروانی.**

**جێگا: تاران.**

**زمان: فارسی.**

**خەباتمان**

**بڵاوكراوە**

1949



**نشره فرعیه داخلیه لپارتی دیموكراتی كورد/عراق, ژمارە 8 ساڵی 1, 1949, (8) لاپەرە بەدەستنووس و لەسەر كاغەزی رایزی فلسكاب نووسراوە.لە بەغداد دەركراوە.**

**سەرچاوە: ئەرشیفی مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم.**

**دەنگی كوردستان**

Deng Kurdstian

**گۆڤار**

1949

**La Voix du Kurdstin The voice of Kurdistan**

**ئۆرگانی لاوانی كورد لە ئەوروپا**

**نووسەرانی: T.D.K. ئەردەشێر مەزدەك، مەمۆ، 5.A.Q**

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**پێوانە:** ( 21×30)سم و(16-20) لاپەرە.

**جێگا:** سویسرا.

**زمان:** فەرەنسی، کوردی –جاروبار– (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** لاتین.

**ژمارەکان:**

– ژمارە1، تەمموزی 1949.

– ژمارە2، لە ئابی 1949.

– ژمارە(4.3)، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1949.

– ژمارە 5، تشرینی دووی 1949.

**ئاگاوڕووداوی هەفتەیی**

**گۆڤار**

**1949**




**لەلایەن کاروباری ئاڵوگۆڕی خوێندەواری ئەمریکاوە لە بەغدا دەردەچێ**

**سەرنووسەر:** بەکر دلێر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە بوو.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (17×23)سم و(18) لاپەرەیە.

**چاپخانە:** معارف.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور**) .

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (193) ژمارەی بەم ناوەوە لێ دەرچووە.

– ژمارە(1)، سێپتەمبەری 1949.

– ژمارە 193، 8ی حوزەیرانی 1953.

**تێبینی:**

(**زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی کۆنگرێس لە واشنتۆن هەڵگیراون**).لە ژمارە 194ەوە بووە بە پەیام.

**بۆ پێشەوە**

**گۆڤار**

1949

نەشرەیەکی ناوخۆیی لقی پارتی دیموکراتی کورد/عێراق. لەژێر دروشمی: تێبکۆشن بۆ بەهێزکردنی مالیەی پارتیتان. تێبکۆشن بۆ بەهێزکردنی تەنظیمی پارتیمان. (4) لاپەڕە کاغەزی رایزی فلسکاب. ژمارە (3) ڕۆژی دەرچوونی لەسەر نییە. تەنیا بابەتێکی بەناونیشانی (**یادی شۆڕشی شێخ سەعیدی دیاربەکری هۆکانی و ئەنجامی و کەڵك لێ وەرگرتنی**) لەخۆ گرتووە.

**سەرچاوە:** ئەرشیفی م.محەمەدی مەلا کەریم.

**الاتحاد**

**رۆژنامە**

1949

ڕێکخـراوی (الاتحـاد) بـە ڕێبـەری کـەریم ســۆفی و ئەنــدامێتی عومەرعــەلی و کــەمال مەحمود, دوای جیابوونەوەیان لە (النجمە) هـەر لە سلێمانی پێکهات. رۆژنامەی "الاتحاد" یان بە عـەرەبی دەرکـرد. دروشمیـان (اتحـاد الـشیوعی العراقی تحت قیادة برولیتاریة حکیمة واجب تاریخی مقدس) بوو. 1949/10/16 ئەو تاقمە دەسگیرکران و رۆژنامەکەیان نەما.

**سەرچـاوە:** رعــد هاشــم توفیــق الــشاطیء, الـصحافة الـشیوعیة في العـراق 1953-1958, بغداد, ایلـول 1996, ص65 (رسـالة ماجـستیر غـیر منـشورة مقدمـة الی مجلـس معهـد التـأریخ العربي والتراث العلمی).

**ئاکرێ**

رۆژنامە

1950

**خاوەن و سەرنووسەر:** شاکر فەتاح

**جێگا:** ئاکرێ.

**زمان:** کوردی

**ژمارەکان:** 10 ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، 15ی تەمموزی 1950

ژمارە 10، 15ی ئەیلولی 1950.

**تێبینی:** ئاکرێ، ڕۆژنامەی دیوار بووە.

**هەولێر.. اربیل**

رۆژنامە

1950

ڕۆژنامەیەکی زانستی و وێژەی حەفتەیییە لە هەولێر دەردەچێ

رۆژنامەیەکی ادبی ثقافی حەفتەیییە

جریدة اسبوعیة ادبیة ثقافیة

**خاوەنەکەی:** کۆمەڵەی مامۆستانی هەولێر.

**مدیری مسئول:** جەمیل ڕەشید، ژمارە (1-13)، یوسف شێخ یەحیا، ژمارە(14-61).

**دەســتەی نووســەران:** عەبدولمەجیدحەســەن، عیزەدین فەیزی، ئەستێر سەعید.

**مدیری ئیدارە:** جومعە محەمەد.

**نرخ:** 20.10 فلس.

**پێوانە:** (40×62)سم و (4.2)لاپەرە.

**چــاپخانە:** حــداد/موســل، کوردســتان،أم الربیعین/موسلْ.

**جێگا:** هەولێر.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**کرمانجی باشوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا 140 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-ژمـارە 1، شـەممەی رۆژی 16کـانونی یەکـەمی ساڵی 1950.

-ژمــارە 140، رۆژی 28ی کــانونی یەکــەمی 1953.

<u>**تێبینی:**</u>

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە، بڕوانە:

**ڕۆژنامــەی هــەلێر (1950-1953)، (مــەحمود زامدار)،**

-لە ژمارە (14)ـەوە، (**یوسف شێخ یەحیا**)بووە بەمدیری ئیدارەی و (**مستەفا حەسەن**) خراوەتە نێــو دەســتەی نووســەرانەوە... لــەژمارە (62)ــەوەوە، (**جــەمال جــەمیل**)بووەتـە مـدیر ئیـدارەو (**مـستەفا حەسـەن**)یـش، لـە دەسـتەی

نووسەران نەماوەو (**یوسف شێخ یەحیا**)ش لە مدیر ئیدارە نابیندرێ.

لە ژمارە (63)دا، (**نافع دەباغ**) بووە بەئەندامی دەستەی نووسەران و تا ژمارە (88) لەگەڵیان بووە.

لە ژمارە (89)وە (**حوسێن شێروانی**) دێتە ناو دەستەی نووسەران، تا دوا ژمارە لەگەڵیان دەبێت و (**نافع دەباغ**) نامێنێت.

*زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی هەریەك لە، (**مەحمود زامدار**)و (**عەلی جوکل بەریە**) پارێزراون.

**زاگرۆس**

**رۆژنامە**

1951



**خاوەنی ئیمتیازو بەرێوبەری بەرپرس:** ناسر ئازاد پوور.

**جێگا**: سنە

**زمان:** فارسی


**ژمارەکان:**

ژمارە 8، ساڵی یەکەم، 8ی تشرینی یەکەمی 1951.

**خۆرنشین**

**رۆژنامە**

1951



**بەرێوەبەری رۆژنامە:** د.وەکیلی کوردستانی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**جێگا:** تاران.

**زمان:** فارسی، کوردی.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (15) ژمارەی لێ دەرچووە.

– ژ 1، 19ی گەلاوێژی 1330 (10ی ئوتی 1951).

– ژ 15،21ی رەزبەری 1331 (11ی ئوکتۆبەری 1952).

**تێبینی:** بۆ زانیاری زیاتر، بروانە:

–مستەفا مەعروفی، باسێك سەبارەت بە رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستان ئێران، گۆڤاری کاروان (گۆڤار)، ژمارە 1، هەولێر، 20ی نیسانی 1998.

– ئەحمەدی شەریفی، حەوتەنامەی خۆرنشین، گزنگ (گۆڤار)، ژمارە 17، پاییزی 1997(1376)، سوید.

(**جەمال خەزنەدار**) لەسەر زاری (**هێمن**)ی شاعیر وا باسی کردووە:

**"گۆڤـارێکی هەفتانـەی کـوردی فارسـی بـووە"** گوایـــە (لـــە شـــاری ســـابلاغ لەســـاڵی 1951دەرچـووە، هـەتا سـاڵی 1952 بـەردەوام بووە).

هەرچی (**د. کـەمال مەزهـەر**)ە، وا پێدەچـێ هـەر متمانـەی کردبێتـە سـەر زانیارییـەکانی(**جـەمال خەزنەدار**)و لەبارەیەوە نووسیویە:

**"بە کـوردی و فارسـی دەردەچـوو، دەوروبـەری ساڵێك ژیاوە"**.

## هەڵمەت

**گۆڤار**

1951

گۆڤـارێکی ئـەدەبی, سیاسـی بـووە. یـەکێتی قوتابیـانی عـراق بـەکوردی, لـە سـاڵی 1951. دەریکردووە.

**سەرچـاوە:** جـەبار جـەباری, تـأريخ الـصحافة الكرديـة فـی العـراق, (بغـداد: مديريـة الثقافـة الكردية العامة, مطبعة الامة, 1975), ل(85).

## بڵێسە

**بڵاوکراوە**

1951

بەدەستخەت و لەسەر کاغەزی رایزی نیو فولـسکاب بـە کـاربۆن لەلایـەن لقـی سـلێمانی یەکێتی گشتی قوتابیانی عراقە سەر بە حزبی شیوعی عراق دەرئەچوو. کەمال فوئاد عەبدوڵلاّ میـدیا سەرپەرشـتی دەرکردنیـان ئـەکرد. 4-5 ژمارەیەکی لێ دەرچووە.

**سەرچاوە:** د.کەمال فوئاد لە ڕۆژی 26ی مارتی 2004.

## رهبر کرد

**رۆژنامە**

1952

**خاوەن:** خەسرەو ئەکبەری کوردستانی.

**جێگا:** کرماشان.

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:** 2 ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، جێنوەری 1952.

## پاوێژ

**رۆژنامە**

1952

بەزمانی کوردی لەشاری سنە دەرچووە.


**سەرچاوە:**

- غـەنی بلوریـان, ئاڵـەکۆك.. بەسـەرهاتەکانی سیاسی ژیانم, (ستکهۆڵم, 1997).
- جـەمال خەزنـەدار, رابـەری رۆژنامەگـەریی کوردی (بەغداد: کارگێری گشتیی رۆشنبیری- وەزارەتی راگەیاندن, 1973). ل61.
- لـە بڵاوکـراوەی رێگـا، ژمـارە 1، خـەزەڵوەری 1327 ناوی هاتووە.

**بغستان**

**گۆڤار**

1952




**گۆوارێکی مانگانەی میژیویی وە خوێندەواری بلاوکراوی ئیدارەی گشتی بلاوکردنەوەو راگەیاندن**

**خاوەنی:** بەڕێوەبەرێتی رادیۆی تاران.

**سەرپەرشتیار:** د. محەمەد موکری.

**جێگا:** تاران.

**زمان:** فارسی، کوردی.

**ژمارەکان:**

ژ 1، ساڵی 1331،1 ئاذەر ماە خورشیدی، 2562ی مادی (1952).

**ئافرەتی ئازاد**

**گۆڤار**

**1952**

لەلایەن حزبی شیوعی عراق لەسلێمانی دەرچووە.

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان-سلێمانی (دۆسیەکانی دادگای سلێمانی).

**کانێسکان**

**گۆڤار**

1952

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، نوسراوی پۆلیسی سلێمانی/یەکەی تایبەت, ژمارە 757 دادگای سلێمانی، کێشەی عومەر رەشید خەیات رۆژی 1952/12/30

**گۆیژە**

**گۆڤار**

1952

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، نوسراوی پۆلیسی سلێمانی/یەکەی تایبەت, ژمارە 757 دادگای سلێمانی، کێشەی عومەر رەشید خەیات رۆژی 1952/12/30.

**رزگاری الجدیدة**

**گۆڤار**

**بەغدا 1952**

باڵی ساڵح روشدی و مستەفا کەریم, پاش جیابونەوەیان لەپارتی دیموکراتی کورد, دەریان کردووە.

**سەرچاوە:** جەلال تاڵەبانی, هەمزەیی و ساڵحی لەپارتیدا, خاک (گۆڤار) ژمارە 20, ساڵی 2, 10 شوباتی 1999.

## نرکەی جوتیار

**رۆژنامە**

1953



**لەلایەن کۆمەڵەی جوتیارانی شارەزوری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان/عراق, بەزمانی کوردی و بەدوو لاپەرەی پێوانە 29ر5 × 21 سم دەرچووە, بەتایپ و رونیو راکێشراوەو نرخی (10) فلس بووە.**

**ژمارە** (5), **ساڵی** 1, **ئەیلولی** 1953.

**ژمارە** (6), **ساڵی** 1, **تشرینی یەکی** 1953.

**ژمارە** 7 **و** 8, **ساڵی** 1, **تشرینی دووەم و کانوونی یەکی** 1953.

**سەرچاوە:** ئەرشیفی م. محەمەدی مەلا کەریم.

## رێگا

**بلاوکراوە**

1953

**گروپی جەمال حەیدەری, پاش جیابوونەوەیان لە حزبی شیوعی عراقی، ساڵی** 1953, **بە زمانی عەرەبی "رایة الشغیلة"و بە زمانی کوردی رێگایان دەرئەکرد. بە قسەی خۆیان بۆ دەرهێنانی (انتشالی)ی حشع بوو لەو هەلومەرجەی تیٚی کەوتبوو.**

**سەرچاوە:** نەوشیروان مستەفا ئەمین, چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی, بەرگی سێهەم – بەشی یەکەم, سلێمانی, 2004. ل153.

## پەیام

**گۆڤار**

1953




**گۆڤارێکی ئەدەبی و خوێندەواری هەفتەی یە لە لایەن کاروباری ئاڵوگۆری خوێندواری(معهد التبادل الثقافي) ئەمریکاوە دەردەهێنرا.**

**خاوەنی:** کاروباری ئاڵوگۆری خوێندەواری ئەمریکا، بەغدا.

**سەرنووسەر:** بەکر دلێر حەوێزی.

**نرخ:** بەخۆرایی دابەش دەکرا.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (17×5، 122) سم (25×5،5×27،5)سم وە(1) لاپەرە بووە.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ژمارەکان:**

ژمارە 194، (یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە بووە کە پێشتر بە ناوی ئاگاو رووداوی هەفتەیی دەردەچوو)، لە 15ی حوزەیرانی 1953دا بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە 276ی لە 10ی کانوونی دووەمی1956.

- ژمارە 392، 30 حوزەیرانی 1958

-ژمارە 393، 7ی تەموزی1958 .

**تێبینی:**

*جگە لەوەی ناوەرۆکەکەی بۆ پروپاگەندە بۆ سیاسەتی ئەمریکا تەرخان کرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە.

* زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی لە بەرگ گیراون و بە پوختی هەڵگیراون، لە (دار الکتب والوپائق العراقیە)ش پارێزراوە.

## یەکێتی فەللاح

**بڵاوکراوە**

1954


یەکێتی فەلاح

بۆ ئاسایش و زەوی و زاری ئازادی، ئۆرگانی کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکانە. حیزبی شیوعی عێراق –سلێمانی، مانگانە و بە پێوانەی 21×30 سم و (4) لاپەرەو نرخی 20 فلس بە چاپ (تایپ رایتەرو رۆنیو) دەردەچوو. ژمارە 2، ساڵی1، لە مارتی 1954دا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان/سلێمانی.

## دەنگی فەقێ

**سلێمانی**

1954


لەلایەن یەکێتی فەقێیەکانی ئایینی لە سلێمانی, بەدەستنووس تەنها(5) ژمارەی لێ دەرچووە, لاپەڕەکانی لەنێوان 16–20 لاپەڕە بوون. ژمارە (1) ی بەهاری 1954.

**سەرچاوە:** محەمەدی مەلا کەریم, لاپەڕەیەك لەخەباتی فەقێکانی کوردستان, بەیان (گۆڤار), ژمارە 2, 1972. ل1–20.

## هەتاو

**گۆڤار**

1954


هەتاو

کۆڤارێکی کوردی و وێژەیی(ادەبی)یە

جاریٚ هەر لە پازدە ڕۆژاندا جارێکی پەخش دەکرێت

**خاوەنی ئیمتیازو مدیری ئیدارەو نووسین:** گیو موکریانی.

**مدیری بەرپرسیار:** محامی ئیبراهیم عەزیز ئاغا- ژ(38.1).

**مدیری بەرپرسیار:** محامی محەمەد شەهاب دەباغ-ژ(39 ).

**مدیری بەرپرسیار:** رئیسی متقاعد جەلال قادر.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (14 ×20)سم و جگە لە بەرگ و لاپەڕەکانی ئیعلانات (20 ×24) لاپەڕە.

**چاپخانە:** کوردستان/ هەولێر

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**)،(**جاروبار شیعر و بابەتی بە کرمانجی باکووریش تێدا بڵاوکراوەتەوە**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(188) ژمارەی لیٚ دەرچووە.

- ژمارە 1، ساڵی1، لە 15ی مایسی 1954.
- ژمارە 188ی لە تشرینی دووەمی 1960.

**تێبینی:**

ئەو ناونیشانەی سەرەوە، دواتر بۆتە:

**خاوەنی ئیمتیازو هەڵسوڕێنەر:** ئەوی دیکەشیان کراوەتە: **سەرنووسەر.**

ژمارە 188، لە کتێبخانەکەی مامۆستا(**گیو**) یش هەڵنەگیراوە، بەقسەی (**ئازادی گیو موکریانی**) بێت، ئەو ژمارەیەیان لە ژێر چاپ بووەو چەند لاپەڕەیەکیشی لیٚ چاپکراوە کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوەو خاوەنەکەشی بە سەردا گیراوە.

لە نێو کۆمەڵە ژمارەکانی مامۆستا (**نەژاد عەبدوڵلا عەزیز**) دانەیەکی ژمارە 188 مان دۆزییەوە، دیار بوو بەنیوەچڵی چاپ کرابوو.

## کوردستان

**دەورەی دووەم**

**رۆژنامە**

1954

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان, لەلایەن غەنی بلوریان و سەدیقی ئەنجیری وعەزیز یوسفی و عەبدولڕەحمان قاسملووە لە تەوریٚز دەرچووە. ژمارە 1ی لە ڕۆژی یەك شەممەی 5ی بانەمەڕی 1333ی ڕێکەوتی 25ی نیسانی 1954لە تەورێز لە چاپخانەیەکی نهێنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەرکراوە. ژمارە 2ی لە 5ی مایسی 1954و ژمارە 3ی لە 9ی حوزیرەیرانی 1954و ژمارە 4ی لە جولاٚی 1954و ژمارە 5ی لە سێپتەمبەری 1954 دەرکراوە. ئەم ژمارەیە بەر لەبڵاوکردنەوەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوە. غەنی بلوریان، سەدیقی ئەنجیری ئازەر، عەبدولرەحمان قاسملۆ، عەزیزی یوسفی دەریان کردووە، صارم ئەددین صادق وەزیری ڕۆڵی گەورەی لە دەرکردنی کردووە.

**سەرچاوە:**

- کوردستان (رۆژنامە) ژ 257 ی 1998.
- جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا (1908-1988)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007. ل48-49.

## یەکێتی لاوان

**بڵاوکراوە**

1954

لەلایەن حزبی شیوعی عراقەوە لە کەرکوك دەرچووە.

**سەرچاوە:** ئازاد عوبید ساڵح, کاریگەری شۆرشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی رۆژنامەوانی کوردی لە کوردستانی خواروودا, تێزی ماستەر (بلاْونەکراوەتەوە), زانکۆی سەلاْحەددین, 2003. ل261.

## رێگای نویْ

1954

لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچووە.

## رووناکی

**گۆڤار**

1954


لەلایەن کۆمەڵەی کوێرەکانی سلێمانی دەرچووە.

**سەرچاوە:** محەمەدی مەلا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.20.

## نداء کردستان..بانگی کوردستان

**گۆڤار**

1956



لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان– عراق دەرچووە. ژ 2, مایسی 1956, 6لاپەرە, پێوانە 28,5 × 21,5سم. بەپێی ناوەرۆکی ئەو ژمارەیەی بەردەست, دەبیْ هەر ساڵەی ژمارەی خۆی لەسەر بوو بیْ, دیارنەکراوە ساڵی چەندەمینی, بەلاْم عەبدوڵلاْ زەنگەنە، دەڵیْ:

(**من خۆم لەسەرچاوەیەکدا دیوومە ئاماژە بەناوەرۆکی یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی 1952 دەکات**).

ئەو ژمارەیەی بەردەست بە زمانی عەرەبیە, بەلاْم (**جەبار جەباری**) لە کتێبی "**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**"دا باسی نەکردووەو لە کتێبی "**تأریخ الصحافه الکردیه فی العراق**"دا لەژێر ناوونیشانی (**جریدە بانگی کوردستان– نداوکردستان**)دا دەڵیْ:

(**جريدة سرية اصدرها الحزب الديمقراطي الكردستاني عام 1956 باللغتين الكردية والعربية**).

**الامل**



**گۆڤار**

**1956**

**مجلة ادبية ثقافية تتناول شؤون الطلاب**

**خاوەن: قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر**

**سەرپەرشتیار: صبری حسن.**

**جێگا: هەولێر**

**چاپخانە: الاتحاد الجدیده/موصل**

**زمان: عەرەبی.**

**ژمارەکان: تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە**

**ژمارە** 1، **سەرەتای ساڵی** 1956.

**الصرخة**

**بلاّوکراوە**

1956

**خاوەن: لیژنـەی یـەکێتیی گشتیی قوتابیـانی حربی شیوعی عیراق لە ئامادەیی کاوە.**

**زمان: عەرەبی.**

**چاپ: بەدەست خەت دەنووسرایەوە.بەنهێنی.**

**تیراژ:**6 **دانە.**

**ژمارەکان:**

**ژمارە** 1، 1956.

**دەنگی داس**

**بانیخێلان**

1956

**رێکخراوی جوتیارانی وارماوەو بانیخێڵاّن و مەیـــدان, بەسەرپەرشـــتی مـــەلا ئەحمـــەدی بـــانیخیلانی و حەســـەنی مـــەلا عەبدولکـــەریم دەرکـــراوە. ســـەرەتا بەدەســـت خـــەت و دواتـــر بەئامێری چاپ و رونیو لـە کـەرکوك راکێشراوە. تـا سـاڵی** 1955 **بـەردەوام و پێوانـەی** A **بـووە، نـازانرێ چـەند ژمـارەی لێ دەرچـووە. لەیـەکێك لـەژمارەکانی ئـەم دێـرە شـیعرەی گـۆرانی تێـدا بلاّوکراوەتەوە:**

**گا هەر چەند لە گا ناچێ**

**لە بوویل و کا دیلا کـــا**

**سەرچاوە:**

**–محەمەدی مەلا کەریم و حەسەنی مەلا کەریم، شەوی** 7/6 **ی کانوونی یەکی** 2003.

**-(جەبار جەباری) ئاماژەی بۆ کردووە. لە چەند ژمارەیـــەکی رۆژنامـــەی (خـــەبات)یـــش، لـــە ساڵی**1960**دا ناوی هێنراوە.**

## ئازادی کوردستان

**ڕۆژنامە**

1956



ئۆرگانی حزبی شیوعی/عراق- لقی کورد بووە. بەپێوانەی 16 × 21 سم, لە کەرکوک چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە..

**سەرچاوە:** ئەرشیفی محەمەدی مەلا کەریم.

## دەنگی فەقێ

**سلێمانی**

1954


لەلایەن یەکێتی فەقێیەکانی ئایینی لە سلێمانی, بەدەستنووس تەنها(5) ژمارەی لێ دەرچووە, لاپەڕەکانی لەنێوان 16-20 لاپەڕە بوون. ژمارە (1) ی بەهاری 1954.

**سەرچاوە:** محەمەدی مەلا کەریم, لاپەڕەیەک لەخەباتی فەقێکانی کوردستان, بەیان (گۆڤار), ژمارە 2, 1972. ل1-20.

## خەباتی کوردستان

**ڕۆژنامە**

1957



لسان الهيئة القيادية للحزب الديمقراطي الموحد لكوردستان. بەزمانی عەرەبی و کوردی لە کەرکوك دەرچووە. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ئیبراهیم ئەحمەدو حەمزە عەبدوڵڵاو لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عیراق. خەسرەو تۆفیق کە لەباڵی هەمزە عەبدوڵڵا بووە، دەڵێ لە ژمارەی یەکی خەباتی کوردستاندا بەیانی یەکگرتنی هەردوو باڵی ئیبراهیم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵڵاو شوعییە کوردستانیەکان بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە 1، مارتی 1957.

ژ3, ساڵی1, مایسی 1957, 10 لاپەرە, پێوانەی 20,5 × 16,5 سم.

ژ5, ساڵی1, شوباتی 1958, نرخی 30 فلس.

**هیوا**

**گۆڤار**

1957




گۆوارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێك دەرئەچیٚ

**خاوەنی ئیمتیاز:** یانەی سەرکەوتن.

**مدیری مسئول:** حافظ مستەفا قازی، دواتر، د. هاشم دۆغرەمەچی.

**نرخ:** 100 فلس.

**پێوانە:** (5ر14×5ر21)سم و (16-144)لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** التمدن، نجاح، شفیق، نجوم، الوفاو.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور، کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (38) ژمارەی لیٚ دەرچووە.

- ژمارە 1، ساڵی 1، تەمموزی 1957.
- ژمارە 38، شوباتی 1963.

**تێبینی:**

(**جەمال خەزنەدار**) لەبارەیەوە نووسیویە:

(**پێنج ساڵ ژیاوە، دوا ژمارەی (36)بووە، ئەوەی پێویستە بووترێ کە هاشم دوغرەمەچی و موکەڕەم تاڵەبانی ناوە ناوە بوون بە مودیری مسئول، وە کەریم زانستی و کامل ژیرو محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووە**)

(**عەلائەدین سجادی**)ش نووسیویە:

(**حەوت ساڵ ژیاوە، "36"دانەی لیٚ دەرچووە، لە "1963"دا داخراوە**).

(**جەبار جەباری**)ش لە کتێبی:

(**تأریخ الصحافة الکردیة في العراق**)**دا نووسیویە:**

(**36 ژمارەی لیٚ دەرچووە، دوا ژمارەی ڕێکەوتی شوباتی 1963دەکات**).

(**د. کەمال مەزهەر**)یش نووسیویە:

(**مودیری مەسئولی تا ژمارە "8"ی ساڵی "2"ی حافز مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بوو، زۆربەی ژمارەکانی لە 80 لاپەڕە زیاترن، شوباتی 1963 داخرا**).

(**وریا جاف**)یش پێی وابووە ئەم گۆڤارە چوار ساڵ تەمەنی بووەو 36 ژمارەی لیٚ بڵاوکراوەتەوە.

(**حەمە ساڵح فەرهادی**)ش لە بارەیەوە نووسیویە:

"**خاوەنی ئیمتیاز:** مەحموود جەمیل بابان.

**مێژووی ماوە پێدانی:** 1957/5/9.

**دوا ژمارە:** ژمارە 36بووە لە مانگی شوباتی ساڵی 1963دەرچووە.

**مێژووی داخستنی:** لە ساڵی 1963 داخراوە".

خۆمان هەر (38) ژمارەکەیمان دیووە، لە هەریەك لە کتێبخانەکانی محەمەدی مەلا کەریم و عەبدوڵلا زەنگەنەو ڕەفیق ساڵح.

**دەنگی کورد**

Denge kurd

**ڕۆژنامە**

1957

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد-سوریا, بە پیتی لاتینی و بە کرمانجی باکوور, لە سوریا, بە ڕۆنیۆ بە دوو لاپەڕە دەرچووە, تا 1956, 9 ژمارەی لێدەرچووەو دواتر بووە بە زمانی عەرەبی (2)و, لەلایەن باڵی چەپی پارتی ناوبراو بە سەرکردایەتی عوسمان سەبری درێژە بە دەرچوونی دراوە.

ژمارە (2) 1960.

ژمارە (3) مارتی1960.

ژمارە (6) کانوونی یەکەمی 1963.

ژمارە (7) کانوونی یەکەمی 1964.

**سەرچاوە:**

1- حمید درویش, اضواء علی الحرکة الکردیة فی سوریا, السلیمانیة, الطبعة الثانیة, 2003. ص 29.

2- عبدالقادر بدرالدین, موجز عن سیرة الصحافة الکردیة فی الجزء الغربی سوریا, الطبعة الثانیة, مطبعة کاوة, اربیل, 2000. ص63.